کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-8-2007 21:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فایلی هەندێک لەو انەی تیجارەت بە قەزیەی ئەنفالەوە ئەکەن ... ڕێبوار گەرمیان

لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵی کورد هیچ معیارێك نەماوە بۆ ناسینی خەڵکی باش و خراو، دەبینین هەر کەسی هەڵدەستێت خۆی و رابردووی خۆی لی دەگۆڕێت و خۆی ئەکاتە دەمڕاستی چینێك لە خەڵکی کوردستان. هیچ شتێك لەوە کارەساتاویتریش نیە کە کەسانێك خۆیان بکەنە داکۆکیکەر لە قەزیەی ئەنفال کە خۆیان خاوەنی رابردووی پیس بن یان پیاوی لەبلەبان بن و هەر رۆژێك لەحزبێکا ئیش بکەن یان خەریکی تیجارەت بن بە ناوی ئەنفالەوە لێرە چەند نموونەیەك باس ئەکەم ئەگەر ئەوانەی ناویان تێرم تۆزقاڵێك راستگۆییان تیا بی جواب ئەدەنەوە و ئەڵێن وا نیە.. ئەمانەیش ناوەکانن

1- مەجید صالح: ئەم جاش قەڵەمە کە ئیستاکە بووەتە مودیری رادیۆکەی نەوشیروان مستەفا لەسلێمانی لە گەرمەی ئەنفالکردنی کورد لە ساڵی 1988 شانۆگەری مەتحکردنی سەدام حسێنی تەقدیم ئەکرد و پارەی وەرئەگرت و خۆیشی تەڵەبە و شەبابی بەعس بوو دەیانجار ئیمزای دڵسۆزی بۆ بەعس کردووە بەناوی مەجید تایشەییش بەشانو باڵی سەدامیا ئەنوسی، کەچی ئەم پیاوە خۆی کردووەتە پیاوێکی شۆرشگێڕ و حکومەتە کارتۆنییەکەی پێشوی یەکێتیش لە سلێمانی کردبوویە سەرنوسەری گۆڤارێك بەناو ئەنفالەوە لەکاتێکا کە گەمیان مەجید تایلەندی باش دەناسن.. !!

2- گوڵناز عەزیز: یان ناسراو بە گولاڵەی گەرمیان کە لەسایەی تەکتولاتی یەکێتی بووەتە ئەندام پەرلەمان و مانگی 35 وەرەقە دۆلار وەردەگرێت و کەسوکاری ئەنفالیش زاقەی چاویان تێت. ئەم دادەیە سەری زمانی و بنی زمانی دیفاعکردنە لەکەسوکاری ئەونفال لەکاتێکا گشت گەرمیان ئەزانی برایەکی ئامر سریەی جاش بوو و لایەك لە خەڵکی گەرمیانی ئەنفال کرد.. گوڵنازخان!!! ئیساکە ئەڵێن شووی کردووەتە پیاوێکی پارتی و گوایە حەفلەکەیشی لەدەرەوەی کوردستان بۆی ئەکری وەك لەناو خەڵکا بڵاوە جا قوڕ بەسەر خەڵکی داماوی ئەنفال کە چاوەڕێی دەستی ئەمە بن.

3- عارف قوربانی: یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆرترین تیجارەت بەناوی ئەنفالەوە ئەکات لەکاتێکا سیروانی کویخا نەجم لە جەریدەی هاولاتی رابردووی بۆمان کەشف کرد کە تا کاتی راپەڕینیش تاق و مەخزەنی جاشایەتی و بەعسایەتی پێوە بووە و نەسیری موتەقەدمی بەعس بووە، سەیر ئەوەیە ئێستا بووەتە تاجریش بەسەر کێشەی کەرکوکەوە، قوڕ بەسەر کەرکوك.

4- سەردار عەولا: یان سەردان عەینەك وەك وا ناسراوە ئەم پیاوە هەر رۆژەی لەباوەشی حزبێك و جەماعەتێکە، زۆربەی کەس و کاری بەعسی و کۆنە جاش و موستەشار بووەجارێك لە دەزگای زانیاریە جارێك پیاوی مەلا بەختیارە جارێك موریدی جەلال تاڵەبانییە جارێك دامەی دەستی حەسەن چەلەبییە ئیساکەش سەرنوسەری جەریدە فاشلەکەی نەوشیروانە.. دڵنیابن لە سەدا ملیۆن ناگاتە ساڵێ تر پیاوی یەکێکی ترە ئیتر ئەمە تیجارەتە لای ئەو و دەبێ وابێت، کەچی باسی ئەنفالیش ئەکا و ئەچێت لە خارج بیەناوی ئەنفالکراوەکانە قسەی زل ئەکا بێ ئەوەی کەس رێی پێ دابێت.

ئەگەر ئەمانە هەر ئینکاری ئەکەن ئەوە لەمەودوا بەڵگەنامەکان ئەخەینەڕوو و ئەوجا با خوێنەر حوکمی خۆی بدا

ڕێبوار گەرمیانی – کەس وکاری ئەنفال

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.